# مافه كانى مرۆڤ له ئه‌نفاله‌وه تا ئێستا

# پیشانگه‌ى هونه‌رمه‌ند دارا ئارام له تۆرۆنتۆ

وه‌ك هه‌وڵێك بۆ ناساندنى تاوانى قڕكردن وجینۆسایدى ئه‌نفال ، هونه‌رمه‌ندى شێوه‌كارى ناسراوى كورد دارا ئارام پێشانگایه‌كى شێوه‌كارى تایبه‌ت به‌ئه‌نفال له‌ژێرناوونیشانى (مافه‌كانى مرۆڤ له ئه‌نفاله‌وه تا ئێستا ) له شارى تۆرۆنتۆى كه‌نه‌دا له 25/2/2007ده‌كاته‌وه.

هاوكات له‌گه‌ڵ كردنه‌وه‌ى پێشانگاكه چه‌ند میوانێكیش قسه‌وباس له‌باره‌ى شاڵاوى جینۆسایدى ئه‌نفال ده‌كه‌ن له‌وانه ئه‌كادیمیستى ناسراوى كورد د.ئه‌میرى حه‌سه‌نپوور مامۆستاى زانستگه‌ى تۆرۆنتۆ،هه‌روه‌ها بڕیاره چه‌ندپارچه میوزیكى كوردیش تایبه‌ت به‌م بۆنه‌یه له‌لایه‌ن میوزیكژه‌نى كورد فه‌رزاد سابونى پێشكه‌ش بكرێت.

له‌په‌یامێكدا كه‌له پۆسته‌رى پێشانگاكه به‌ئینگلیزى بڵاوكراوه‌ته‌وه هاتووه : ئه‌م پیشانگایه تیشك ده‌خاته سه‌ر تاوانه دڕندانه‌كه‌ى شاڵاوى جینۆسایدى ئه‌نفال له كوردستان كه‌له‌لایه‌ن ڕژێمى پێشووى ئێراق ئه نجامدراو له‌نێوان ساڵانى 1980-1988درێژه‌ى كێشا.له‌م پیشانگایه‌دا ئارام-ى هونه‌رمه‌ند نیشانى ده‌دات كه‌ئێمه‌ى مرۆڤى خودان ویژدان هه‌ق نییه ڕێگه بده‌ین یان بێده‌نگ بین له‌به‌رامبه‌ر جینۆساید له‌سه‌رینه‌ماى نه‌ته‌وه‌و ئایین وره‌گه‌ز،ئێمه وه‌كو مرۆڤى پێشكه‌وتوو شارستانى پێویسته هه‌موو هه‌وڵ وكۆششێك بخه‌ینه گه‌ڕ بۆ داننان به ماف وئازادییه‌كانى یه‌كتر بۆ ئه‌وه‌ى به‌ئاشتى له پاڵ یه‌كدا بژین .

هونه‌ر ئامرازێكه بۆ ده‌ربڕینى هه‌ست ونه‌ست، له‌ڕێگه‌ى ئه‌م پیشانگایه‌وه دارا ئارام به‌هیواى ئه‌وه‌یه كه بینه‌ران له جینۆسایدكردنى گه‌لى كورد ئاگاداربكاته‌وه، هه‌روه‌ها ئه‌م پیشانگایه ڕێز له جووله‌كه، ئه‌رمه‌نییه‌كان،بۆسنییه‌كان، ناكازاكییه‌كان،ڕوانداییه‌كان،دارفۆرییه‌كان وكه‌مبۆدییه‌كان ده‌گرێت كه‌به‌ده‌ست جینۆسایده‌وه ئازاریان چه‌شتووه )).

هێژاى گۆتنه دارا ئارام كه‌پتر له پانزده ساڵه نیشته‌جێى تۆرۆنتۆیه تا ئێستا چه‌ندین پیشانگاى له كه‌نه‌داو ئه‌وروپاو كوردستان كردۆته‌وه و وه‌كو هونه‌رمه‌ندێكى شێوه‌كارى كورد له‌نێوه‌نده هونه‌رییه‌كانى تۆرۆنتۆوكه‌نه‌دادا به‌گشتى ناوێكى ناسراوه.

ناونیشانى گاله‌رى پێشانگاكه :

Cedar Ridge Gallery
225 Confederation Dr .Scarborough, ON
M1G 1B2
T: (416)396-4026
http://cedarridgegallery.tripod.com/info_intro.html

Date: February25–March 10, 2007
Opening Reception: Feb 25, 2007 from 1:00pm-4:00pm

نوره‌دین وه‌یسى/تۆرۆنتۆ